بەرلەوەی گوڵ

بچێ بۆ

ش ەەەەەەەەەەڕڕڕڕ

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@yahoo.com

چووووووووووووووووووم بۆ شەڕ ...

لە پەنا بەردێکی زلدا ، تەقەی دەکرد .

گەمارۆماندا .

دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد :

تەسلیم

تەسلیم

تەسلیم !

کەچی دەممان پڕ کرد لە فیشەک .

*

من کلاشینکۆفەکەییم بەرکەوت .

ئەو پاکەت و چەرخەکەی .

ئەم تەزبیحەکەی .

ئەم جامانەکەی .

ئەو ..

ئەم ...

*

لە سەنگەرێکی (دوژمن !!) دا ، لاشەیەک ،

هێشتا گەرم .

*

نارنجۆکەکەی بۆ ئەو .

رادیۆکەی بۆ ئەم .

قەمسەڵەکەی بۆ من .

چەکەکەی بۆ (شۆڕش !!) .

ژنەکەی .....بۆ .

کچەکەی ...بۆ .

*

چووووووووووووووووووووووووم بۆ شەڕ ...

لە دووری حەوت سەد مەترەوە بە فیشەک ،

کەللە سەرێکم هەڵگرت .

هاوڕێکانم یەک دەنگ :

بڕاڤۆ

براڤۆ

براڤۆ !!

*

چووووووو ووووووو ووو ووووووم بۆ شەڕ .

تفەنگە کەم بە ز ا مدا ری

گەڕایەوە و

خ ۆ م نا !!؟

* * *

بەرلەوەی بچم بۆ شەەەەەڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ ..،

بەئاستەم شانم دا لەشانی کوڕێک

دەست لەسەر سینگ پێم گوت :

براگیان بمبوورە .

*

بەر لەوەی بچم بۆ شەڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ ..
ژنەکەم پێی گوتم : قوباد گیان ،
تکایە ئەمشەو بەتەنێ بنوو ،
سبەینێ بەڕۆژوو دەبم !
(قەیناکا ماڵەکەم) .
*
بەر لەوەی بچم بۆ شششششششششششەڕ
چوومە لای بارمەنێک و گوتم :
ئەزیەت نەبێ ، چنگێ زەیتوون و قاپێک
شەراب .
*
بەر لەوەی بچم بۆ شششششششششششششەڕ ..
لە نێو ماشێنیکدا ، بە نەفەرەکەی تەنیشتم گوت :
برادەر رێم دەدەی جگەرەیێ بکێشم !؟
بە ژنێکم گوت ، کە لەبەر دەممەوە رێی دەکرد :
زنجیری تەنوورەکەت کراوەتەوە کچی باش !!
*
بەر لەوەی بچم بۆ شەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەڕ ..
لەبن مەوقفێکی پاسدا ، بە زەلامێکی نەناسیاوم گوت :
بغەرمە ژێر چەترەکەم با باران تەڕت نەکات .
*
بەر لەوەی بچم بۆ شششششششەەەەەەەەەەەەڕ ..
چوومە بن گوێی رووبارێک و عەرزم کرد :
گیانەکەم ماڵی گوڵ کامەتا !؟
*
بەر لەوەی بچم بۆ شششششەەەەەەڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ ..
دەنگم دا بە ژن .
سندووقەکانی هەڵبژاردنم لێوان لێو کرد،
لە مەمکی ژن .

*

بەر لەوەی‌بچم بۆ شششەەەەەەڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ ...

بە پەپولەیەکی نەو بووکو گوت کە لە حەمام دەگەڕایەوە ،

ئەرێ سەعات چەندە تازە ژڵ ؟

لە شەرمان هەڵفڕینی سوور هەڵگەڕاو

بە ورشەی باڵە ڕەنگینەکانی گوتی :

دەقیقەیەکی دەوێ بۆ ئاشتی !!